**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمــارە : ١٤٦٦١ لـــــــە ٢٠١٠/١٠/١٠**

## ڕێنمایی هەڵکەناندنی بیری ئاو ژمارە ( ١ )

**یەکەم :** ئەو زاراوانەی دادێن ، ئەو مانایانە دەگەیەنن کە بەرامبەریان دیاری کراوە .

١. **وەزارەت :** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو .

٢. **وەزیـــــر:** وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو .

٣. **بەڕێوەبەرایەتی گـشتی :** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی ژێر زەوی .

٤. **بـــیر هـــەڵکـــەن :** بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ونووسینگە وکۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت تایبەت به کاری هەڵکەندن و تێست .

٥. **لایەنی سوودمەند :** هاووڵاتی یان جووتیار یان کەسی مەعنەوی کە بیری ئاوی بۆ هەڵدەکەندرێت .

٦. **بـــیری ئـــــاو :** ئەو بیرەیە کە بڕ و جۆرێك ئاو بەرهەم دەهێنێت کە لەگەڵ مەبەستی هەڵکەندنەکەی دەگونجێت .

٧. **جـۆرەکـانـی بـیر :**

**أ- بیری ڕووکەش (سەر زەوی) :** ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بە دەست یان بە ئامێری بیر هەڵکەندن هەڵدەکەندرێن وە قووڵییان لە نێوان ( سفر تا ٥٠) مەترە .

ب- **بـــیری قـــووڵ :** ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بە قووڵی زیاتر لە (٥٠) مەتر هەڵدەکەندرێن بە ترومپا ئاوەکەیان دەردەهێنرێت .

**ت- بیر ی هەڵقووڵاو ( ئیرتیوازی ) :** ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە ئاوەکەیان بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵدەقوڵێت وپێویست بە ترومپا ناکات .

**پ-بیری گشتی :** ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە لەسەر داوای لایەنی فەرمی یان نیمچە فەرمی بۆ پرۆژە گشتیەکان بە مەبەستی سوودی گشتی هەڵدەکەندرێن هەروەها بۆ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە بۆ مرۆڤـــــ و ئاژەڵ لە گوندەکان و سنووری شارەوانییەکان .

**ج- بیری کەرتی تایبەت :** ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە لەسەر داوای هاووڵاتی بۆ سوودی تایبەت هەڵدەکەندرێن

**ح- بیری ســەرکــەوتــوو :** ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بەرهەم و جۆری ئاوەکەیان لەگەڵ مەبەست وئامانجی هەڵکەندنەکەی و پێوەری زانستی و ستاندەرەکاندا دەگونجێت .

**خ-بیری سەرنەکەوتوو :**

**١-** لە ڕووی هایدرۆجیۆلۆجییەوە ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بەرهەم و جـۆری ئاوەکـەیان لەگـەڵ پێداویـستی پرۆژە و مەبەست وئامانجی هەڵکەندنەکەیان و پێوەری زانـستی و سـتاندەرەکاندا ناگونجێـت و ڕێـژەی ڕێگە پێدراو (١٠٪) زیاتر نەبێت بۆ ئەو بیرانەی کە به ئامێری بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاوی ژێر زەوی بۆ لایەنی فەرمی و سوودی گشتی هەڵدەکەندرێن .

٢- لە ڕووی تەکنیکییەوە ئەو بیرانە دەگرێتەوە کە بە هۆی گرفتێکی تەکنیکی سەرکەوتوو نابن وەك (خواری بیر، پچڕانی بۆڕی ناوپۆش ،پچڕانی بۆڕی هەڵکەندن ....هتد) ڕێژەی ڕێگە پێدراو بۆ بیری سەرنەکەوتوو لە ڕووی تەکنیکییەوە (٣٪) زیاتر نەبێت بۆ ئەو بیرانەی کە بە ئامێری بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاوی ژێر زەوی بۆ لایەنی فەرمی و سوودی گشتی هەڵدەکەندرێن .

٣- هەڵکەندنی بیری ئەزموونی ، بیری توێژینەوە و بیری زۆر قووڵ هەردوو خاڵی (١) و (٢) نایانگرێتەوە

**دووەم : دووری نێوان دوو بیر :**

دووری نێوان دوو بیر بە پێی جۆری بیرەکە و مەبەستی هەڵکەندنەکەی دیاری دەکرێت ، لەگەڵ ڕەچاو کردنی جۆری چینی ئاو هەڵگر و ڕاپۆرتی جیۆلۆجی ئەو ناوچەیەی کە بیرەکەی تێدا هەڵدەکەندرێت بەم شێوەیە :

- دووری نێوان بیرەکان لە ناوچەی بەردی کارستی ( حەوزی کارستی ) کە بریتییە لە بەردی کلس (limestone) و هەندێ بەردی گۆڕاو (Metamorphic rocks) و پێکهاتەی وەك (Tanjero fn.) کە پێویستە لە (٢٠٠) مەتر کەمتر نەبێ بۆ هەر سێ پارێزگا و گەرمیانیش .
- دووری نێوان بیرەکان لە پێکهاتەی دەنکۆڵەییدا .

**أ- پارێزگای هەولێر :**

حەوزی سەروو (باکوور) :- پێویستە دووری نێوان دوو بیر (٤٥٠) مەتر بێت .

حەوزی ناوەراست :- پێویستە لە (٦٠٠) مەتر کەمتر نەبێت .

حەوزی خواروو (باشوور) :- پێویستە دووری نێوان دوو بیر (٥٥٠) مەتر بێت .

**ب- پارێزگای سلێمانی :**

پێویستە لە (٤٠٠) مەتر کەمتر نەبێت .

**ت- پارێزگای دهۆك :**

١. لە دەشتی سێمێل و زاخۆ و شێخاندا پێویستە لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت .

٢. لە دەشتی ئاکرێ و ئەو ناوچانەی بیرەکانیان ئیرتیوازی دەردەچێت پێویستە لە (٦٠٠) مەتر کەمتر نەبێت

**ث-ئیدارەی گەرمیان :**

پێویستە لە (٣٠٠) مەتر کەمتر نەبێت .

عەمباری ئاوی ژێر زەوی دەنکۆڵەیی (Intergranular aquifers ) بریتییە لە ( نیشتووی نوێ وپێکهاتەی بەختیاری) بارودۆخی شیاو و گونجاو لە ڕووی (structure) و تۆپۆگرافیایی پێکهاتەی ( Upper Fars ) یش دەبێتە عەمبار وەك دەشتی حەریر و دیبەگە .......... هتد .

**ج-** بیرەکانی سوودی گشتی ( نفع عام ) کە بۆ شارو شارۆچکەو گوندەکان بە مەبەستی دابین کردنی ئاوی خواردنەوە هەڵدەکەندرێن یان بۆ پڕۆژەی ستراتیجی کە تۆڕی ئاو نەگەیشتۆتە ناوچەکە بڕگەی (دووەم) نایانگرێتەوە . سوودی گشتی ( نفع عام ) : واتە لایەنی پەیوەنداری فەرمی ( حکومی ) .

**سێیەم : دووری شوێنی بیرەکان لە کانی و کارێز و پرۆژە و سەرچاوەکانی ئاو :**

بە هیچ جۆرێك ڕێگە بە هەڵکەندنی بیر لە نزیك کانی و کارێزەکان و پرۆژە و سەرچـاوەکانی ئـاو نادرێـت ، پێویستە شوێنی  بیرەکە بە لایەنی کەمەوە (٥٠٠) مەتر لەو سەرچاوانەی ئاو دوور بخرێتەوە  ، وە لـەکاتی هەبوونی کانی ووشك بوو دەبێت شوێنی بیر هەمان دووری (٥٠٠) م بێت .

**چوارەم :**

مۆڵەتی بیر هەڵکەندنی کشتوکاڵی کاتێك دەدرێت کە هیچ بوارێك بۆ سوود وەرگرتن لە بـەکارهێنانی ئـاوی سەر زەوی نەبێت ، ئەمەش لە ڕێگای وەرگرتنی پشتگیرییەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری و ئـاوی سـەر زەوی پارێزگاکان .

**پێنجەم : ڕێنمای هەڵکەندنی  بیری  گشتی  ( ئاوی خواردنەوە ، کشتوکاڵ ،پیشەسازی ) :**

١. داواکاری لایەنی سوودمەند بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان پاڵپشت بە نووسراوێکی ڕەزامەندی یەکە ئیدارییەکان ( قایمقامیەتی قەزا،بەڕێوەبەرایەتی ناحیە یان سەرۆکایەتی شارەوانی ) بۆ پارێزگا بەرزبکرێتەوە بۆ هەڵکەندنی بیر لە ناو زەو ییەکی دیاری کراو ، کە هیچ جۆرە کێشەیەکی لەسەر نەبێت .
٢. کەشف کردنی شوێنی بیرەکە لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان و نوێنەری یەکەی کارگێری ناوچەکە دیاری کردنی ژمارەی کەسانی سوودمەند و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی جیۆلۆجی .
٣. ناردنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی ژێر زەوی بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی .
٤. دوای وەرگرتنی  ڕەزامەندی و مۆڵەت لە بەڕێوبەرایەتی  گشتی ئاوی ژێر زەوی ، ڕێگە بەلایەنی داواکار دەدرێت بۆ هەڵکەندنی بیرەکەی .
٥. مۆڵەتی بیری بەدیل دەدرێت بەپێی پشکنین و ڕاپۆرتی جیۆلۆجی پاش دڵنیابوون لەوەی کە بیرە کۆنەکە ووشك بووە یان پڕبووتەوە وە بیری بەدیلەکە لە نزیك بیرە ووشك بووەکە یان پڕبووەکە هەڵدەکەندرێت بەمەرجێك بیرە کۆنەکە پڕبکرێتەوە .

**شەشەم : ڕێنمایی هەڵکەندنی بیر بۆ کەرتی تایبەت :**

١.داواکاری لایەنی سوودمەند بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان پاڵپشت بە نووسراوێکی پشتگیری لە پارێزگا یان قایمقامیەتی قەزا یان بەڕێوەبەرایەتی ناحیە یان سەرۆکایەتی شارەوانی بۆ هەڵکەندنی بیر .
٢.کەشف کردنی شوێنی بیرەکە لەلایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی جیۆلۆجی .
٣.ناردنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی ژێر زەوی بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندنی

٤. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی و مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی ژێر زەوی ، ڕێ دەدرێت بە لایەنی داواكار بۆ هەڵكەندنی بیرەكەی .

٥. مۆڵەتی بیر هەڵكەندن بە وێستگەی سووتەمەنی و غەسل وكارگەی بچوك و مزگەوت و بینای بازرگانی و كۆگای كەرتی تایبەت و هیتر نادرێت كە تۆڕی ئاوی گەیشتبێتە ئەو شوێنانە لەكاتێك گەر تۆڕی ئاو نەبوو نووسراوێك یان ڕوون كردنەوەیەك لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ناوچەكان بهێنن كە ناتوانن ئاوی پێویستیان بۆ دابین بكەن ، هەروەها دوای گونجاندنی لەگەڵ ڕێنماییەكانی بیر هەڵكەندن و دیاری كردنی جۆری زەو یيەكەی لەلایەن شارەوانی یان بەڕێوەبەرایەتی تۆمار كردنی خانووبەرەی پارێزگاكان .

٦. مۆڵەتی هەڵكەندنی بیر بە كانی چەو ولم نادرێت .

٧. مۆڵەتی هەڵكەندنی بیر بۆ كارگەی بەرهەم هێنانی ئاوی كانزایی وخواردنەوەكان بەپێی ئەم مەرجانە دەبێ :

- ئەگەر پارچە زەوی تەرخان كراو هیچ كانی وسەرچاوەی ئاوی سەر زەوی گونجاو وشیاوی لێ نزیك نەبوو.
- پارچە زەوی تەرخان كراو دەبێ لەدەرەوەی سنووری شارەوانی شار وشارۆچكە وقەزا وناحیە وگوندەكان بێ .
- دەبێ بیری پڕۆژەی ئاوی كانزایی لە پێكهاتەی جیۆلۆجی دەنكۆڵەییدا هەڵبكەندرێت بەتایبەتیش پێكهاتەكانی ( نیـــــشتووی نــــوێ ، بــــەختیاری) ، هـــــەروەها لــــە پێكهاتــــەی كارســــــتی (-Pilaspi,Aqhra Bekhma,Qamchuqa,Kometan ) ...هتــد، هــەروەها نــابێ لەســەر پێكهاتــەی جیۆلــۆجی (Tanjero)،(Kolosh) Khurmala Limestone) و (Snjar Limestone ) بـــــیر هەڵبكەندرێت چونكە چۆنایەتی ئاو لەم پێكهاتانەدا لە ڕووی كیمیاییەوە گونجاو نییە .

٨.بە هیچ جۆرێك ڕێگە بە فرۆشتنی ئاوی ژێر زەوی و دانانی ( شەمعە ) لەسەر بیری كەرتی تایبەت نادرێت بەڵێننامەش لەلای دادنووس لە خاوەن بیر وەردەگیرێت ، بە پێچەوانەوە مۆڵەتی بیرەكەی لێ وەردەگیرێتەوە و بیرەكەی پڕ دەكرێتەوە .

**حەوتەم : ڕێنمایی هەڵكەندنی بیری كشتوكاڵی :**

١. هاوولاتی یان جووتیار داواكارییەك پێشكەش بە لقی كشتوكاڵی تایبەت بە نـاوچـــەكەی دەكـات بـۆ هەڵكەندنی بیرێك لە ناو زەوییەكەیدا لەلایەن ڕووپێوی ( مساح ) لقی كشتوكاڵییەوە كەشفێكی بۆ دەكرێت بە مەبەستی دیاری كردنی شوێنی بیرەكانی ناوچەكە لەسەر نەخشەیەك ، بە نـووسـراوێـك بـۆ بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زار دەنێردرێت . پێویستە ڕووبەری زەوییەكەی لە (٥) دۆنم كەمتر نەبێت لە ناوچەی شاخاوی لە هەر سێ پارێزگا (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك و ئیدارەی گەرمیان) ، هەروەها (٢٠) دۆنم لە ناوچەی دەشتایی هەر سێ پارێزگاكە و ئیدارەی گەرمیان .

٢. بـەڕێـوەبـەرایـەتـی زەوی وزار یـــان بەڕێـوەبـەرایـەتـی ئـاوی ژێـر زەوی ناوچـەكـە نـووسراو بـۆ چـەنـد بەڕێوەبەرایەتیەكی پەیوەندیدار بە هەڵكەندی بیر دەكات بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندییان ، پێویستە لەلایەن ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەوە بە نووسراو وەڵام بدرێتەوە ،كە ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە دەگرێتەوە .

أ- بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری و ئاوی سەرزەوی پارێزگاکان ( بە مەبەستی هێنانی پشتگیرییەك کە هیچ بوارێك بۆ سوود وەرگرتن لە بەکار هێنانی ئاوی سەر زەوی نییە ) .

ب- بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاو بانی ناوچەکە ( بە مەبەستی دیاری کردنی شوێنی بیرەکە بە دووری (٧٥) مەتر لە ڕێگا و شەقامی سەرەکییەوە ) .

٣. دوای هێنانی ڕەزامەندی ئـەو بەڕێوەبەرایەتیانـەی کـە پێـشتر ناویـان هـات ، بەڕێوەبەرایـەتی زەوی و زاری ناوچەکە بە نووسراوێك ئەو ڕەزامەندییانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکە دەنێرێت .

٤. دابین کردنی سیستەمی ئاودانی گونجاو لە لایـەن سـوودمەندەکە (خـاوەن زەوییەکـەوە) یـان هێنـانی بـەڵێن نامەیەك بۆ بەکارهێنانی ، شێوازی سیستەمەکەش لـە لایـەن بەڕێوەبەرایـەتی ئـاودێری و ئـاوی سـەر زەوی پارێزگاکان دیاری دەکرێت .

٥. بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی ناوچەکە لیژنەیەك دەنێرێتە سەر زەوییەکە بە مەبەستی کەشف کردن و دیـاری کردنی شوێنێکی گونجاو بۆ هەڵکەندی بیرەکە بە ئامێری (G.P.S) و سەبارەت بە دیاری کردنی قـووڵی بـیر بە پێی تایبەتمەندیی پێکهاتە و عەمباری ئاوی ژێر زەوی و ڕاپۆرتی لیژنەی کەشف دەبێت .

٦. لیژنەی ناوبراو ڕاپۆرتێك ئامادە دەکات و بە نووسراوێك بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی دەنێرێـت بـە مەبەسـتی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ پێدانی مۆڵەتی بیر هەڵکەندن بۆ هاووڵاتی داواکار .

٧. دوای وەرگرتـنی ڕەزامـەندی بـەڕێوەبـەرایـەتی گـــشتی لـــەسەر پیـــدانی مـۆڵـەتـــی هـەڵـکـەنـدنـــی بـیرێـك بــۆ هاووڵاتییەکـە ، بەڕێوەبەرایـەتی ئـاوی ژێـر زەوی ناوچـەکە مۆڵـەتی هەڵکەنـدنی بیرێـك بـە هاووڵاتییەکە دەدات پاش واژوو کردنی گرێ بەستێك لەگەڵ ئـەو نووسـینگە و کۆمپانیایانـەی کـە مۆڵـەتی هەڵکەندنی بیریان لـە وەزارەتـی کـشتوکاڵ و سەرچـاوەکانی ئـاو/ بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی ئـاوی ژێـر زەوی وەرگرتووە .

٨. پێویستە لەسەر هاووڵاتی مۆڵەت پێدراو لە ماوەی (٦) مانگدا بیرەکەی هەڵبکـەنێت ، ئەگـەر لـەو ماوەیـە زیاتر دواکەوت پێویستە لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایـەتی ئـاوی ژێـر زەوی ناوچـەکە کەشـفی نـوێی بـۆ بکرێتەوە .

٩. دەبێت پێوەر ( گێج ) لەسەر بیرەکە لە لایەن خاوەن بیرەوە دابنرێت .

١٠. لە کاتی هەڵکەندنی بیر لە ناوچە و حەوزی ئیرتیوازی وەك دەشتی ( هەولێری سـەروو ، شـارەزوور ، ئـاکرێ- بەردەڕەش) دا پێویستە بیر هەڵکەن ڕەچاوی ئەوە بکات کـە چـینە ئیرتوازییـەکان هەڵنەکـەنێت و ڕێنمـایی فەرمانگە و جیۆلۆجی پسپۆر وەربگرێت بۆ حجز کردنی چینەکانی سەرەوەو دانانی قوفل بۆ کـۆنترۆڵ کردنـی ئەو بیرەی کە ئیرتیوازی دەردەچێت .

١١. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سەرپشکە لە ڕاگرتنی هەڵکەندنی بـیر بـۆ کـەرتی تایبـەت لـە هـەر بەشێك یان حەوزێك کە دوای توێژینەوە دەرکەوت کە ئاستی ئاوی ژێر زەوی بە شـێوەیەکی بەرچـاو دابـەزیوە یان پیس بووە یان ڕێژە و چڕی خوێ و نتراتی بەرز بووەتەوە .

١٢. دوای کەشف کردن ئەگەر داواکار لە ماوەی مانگێکدا بەبێ هۆ مۆڵەتەکەی تەواو نەکرد ئـەوا مـافی مۆڵـەت پێدانی نامێنێت .

**هەشتەم : مۆڵەتی نووسینگە و کۆمپانیای ئامێری بیر هەڵکەندن و تێستی بیر :**

❖ مۆڵەتی نووسینگە و کۆمپانیای ئامێری بیر هەڵکەندن :

١. پێشکەش کردنی داواکارییەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان .

٢. پێویستە داواکار شارەزایی لە کاری بیر هەڵکەندن هەبێت یان ئەندازیارێکی پسپۆر یان تەکنیکارێکی شارەزا لەکاری هەڵکەندن کاری لە لا بکات .

٣. پێویستە داواکار جگە لە ئامێری بیر هەڵکەندن ئەم ئامێرانەشی هەبێت :

**أ**. ساوندەر ( Sounder) .

**ب**.ئامێری ( G.P.S) بۆ دیاری کردنی شوێنی بیر به پێی هێڵەکانی پانی و درێژی ، هەروەها بەرزی شوێنی بیر لە ئاستی ڕووی دەریاوە .

**ت**.سندووقێك بۆ دانانی نموونەی پێکهاتەی جۆر بە جۆری جیۆلۆجی لەکاتی هەڵکەندنی بیرەکە دا

**ث**.ئۆتۆمبیلی تانکەر بۆ دابین کردنی ئاو .

**ج**.کەرەڤانەی گەڕۆك .

٤. کەشف کردنی ئامێرەکانی داواکار لە لایەن لیژنەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی و وردبین کردنی هەموو ئامێر و کەل و پەلەکانی .

٥. نووسینی ڕاپۆرتێك لە لایەن لیژنەکەوە و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ وەرگـرتنی ڕەزامەنـدی ، پاش دیراسە کردن و ڕاپۆرت نوسین لە لایەن لیژنەی تایبەت بـە مۆڵـەت پێـدانی نووسـینگەکانی بـیر هەڵکەنـدن و نووسـینگەکانی تێـستی بـیر کـە لـە بەڕێوەبرایـەتی گـشتی ونوێنەرایـەتی هـەر سـێ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی (هەولێر،سلێمانی،دهۆك) دیاری کراوە ، بەڕێوەبەری گـشتی سەرپـشکە کە مۆڵەت نەدات ئەگەر پارێزگا کە پێویستی پێی نەبێت .

٦. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی ، مۆڵەتی نووسینگە بە لایەنی داواکار دەدرێت .

٧. پێویستە خاوەن نووسینگە سەرپەرشتیاری جیۆلۆجی هەبێت کـە شـارەزایی لـە بـواری بـیر هەڵکەنـدن هەبێت کە کۆمەڵە یان سەندیکای جیۆلۆجییانی کوردستان پشتگیری بکات ، لەکاتی جیای جیای بـیر هەڵکەندندا سەردانی شوێنی بیرەکە بکات بە مەبەسـتی وەرگرتنـی نموونـەی پێکهاتـەی جیۆلـۆجی و دیاری کردنی قووڵی بیرەکە و دواتر دروست کردنی سکێچی بیرەکە .

٨. پێویستە نووسینگە کە هەموو ئەو مەرجە تەکنیکییانەی لە لایـەن بەڕێوەبەرایـەتی ئـاوی ژێـر زەوی پارێزگاکانەوە دەردەچێت سەبارەت بە هەڵکەندنی بیر جێ بەجێ بکات .

٩.پێویستە نووسینگە لە دوای (١) مانگ لە تەواو بـوونی کـاری بـیر هەڵکەنـدن و پـشکنین ، هـەموو زانیـاریی جیۆلـۆجی وهایـدرۆجیۆلۆجی وشـی کردنـەوەی کیمیـایی لەسـەر بیرەکـە پێـشکەش بـە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکە بکات.

١٠. بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان سەرپشکە لەوەی هەر کاتێك بیەوێت کەشـف و پـشکنینی ئامێرەکانی بیر هەڵکەندن بکات بۆ دڵنیابوون لە توانا و کاری ئامێرەکان .

❖ مۆڵەتی نووسینگەی تێست بە کۆمپرێسەر :

١. پێشکەش کردنی داواکارییەك بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان .

٢. پێویستە داواکار شارەزایی لـە کـاری پـشکنین و تێـست کردنـدا هـەبێت یـان ئەنـدازیارێکی پـسپۆر یـان تەکنیکارێکی شارەزا کاری لە لا بکات .

٣. پێویستە داواکار جگە لە کۆمپرێسەر ، ئەم ئامێرانەشی هەبێت :

أ- ساوندەر ( Sounder) .

ب- ئامێری ( G.P.S) بۆ دیاری کردنی شوێنی بیرکە .

٤. کەشف کردنی ئامێرەکانی داواکار لە لایەن لیژنەیـەکی بەڕێوەبەرایـەتی ئـاوی ژێـر زەوی و وردبـین کردنـی هەموو ئامێر و کەل و پەلەکانی .

٥. نووسینی ڕاپۆرتێك لە لایەن لیژنەکەوە و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی ، پاش دیراسە کردن و ڕاپۆرت نووسین لەلایەن لیژنەی تایبەت بە مۆلەت پێدانی نووسـینگەکانی بـیر هەڵکەنـدن و نووسینگە کانی تێستی بیر ، کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و نوێنەرایەتی هەر سێ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی (هەولێر،سلێمانی،دهۆك) پێك هاتووە ، بەڕێوەبـەری گـشتی سەرپـشکە کـە مۆڵـەت نـەدات ئەگـەر پارێزگا کە پێویستی پێی نەبێت .

٦. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی ، مۆڵەتی نووسینگە بە لایەنی داواکار دەدرێت.

٧. پێویستە خاوەن نووسینگە سەرپەرشتیاری جیۆلۆجی هەبێت کە شارەزایی لە بواری تێست کـردن هـەبێت و پشتگیری کۆمەڵە یان سەندیکای جیۆلۆجی هەبێت وە سەردانی شوێنی بیرەکە بکات بە مەبەسـتی تێـستی بیرەکە پاشان ئامادە کردنی فۆرمی تێستی بیرەکە .

٨. پێویـسـتە نووسـینگە هـەموو ئـەو مەرجـە تەکنیکییانـەی لـە لایـەن بەڕێوەبەرایـەتی ئـاوی ژێـر زەوی پارێزگاکانەوە دەردەچێت سەبارەت بە تێستی بیر جێبەجێی بکات .

٩. پێویستە نووسینگە دوای یەك مانگ لە تێست کردنی بیرەکە فۆرمی تێست پێـشکەش بـە بەڕێوەبەرایـەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکە بکات .

١٠. بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان سەرپشکە هەر کاتێك بیەوێت کەشـف و پـشکنینی ئامێرەکـانی تێست و پەرەپێدانی نووسینگە بکات بۆ دڵنیابوون لە توانا و کاری ئامێرەکان .

❖ مۆڵەتی نووسینگەی تێست بە ترومپا :

١. پێشکەش کردنی داواکارییەك بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان .

٢. پێویستە داواکار شارەزایی لە کاری پشکنین و تێست کردندا هەبێت یان ئەندازیارێکی پسپۆر یان تەکنیکارێکی شارەزا کاری لە لا بکات .

٣. پێویستە داواکار جگە لە ترومپا ئەم ئامێرانەشی هەبێت :

أ- ساوندەر ( Sounder) .

ب- ئامێری ( G.P.S) بۆ دیاری کردنی شوێنی بیرەکە .

٤.کەشف کردنی ئامێرەکانی داواکار لە لایەن لیژنەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی و وردبین کردنی هەموو ئامێر و کەل و پەلەکانی .

٥.نووسینی ڕاپۆرتێك لە لایەن لیژنەکەوە و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی ،پاش دیراسە کردن و ڕاپۆرت نووسین لە لایەن لیژنەی تایبەت بە مۆڵەت دانی نووسینگەکانی بیر هەلکەندن و نووسینگەکانی تێستی بیر کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و نوێنەرایەتی هەر سێ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی (هەولێر،سلێمانی،دهۆك) دیاری کراوە ، بەرێوەبەری گشتی سەرپشکە کە مۆڵەت نەدات ئەگەر پارێزگاکە پێویستی پێی نەبێت .

٦.دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی مۆڵەتی نووسینگە بە لایەنی داواکار دەدرێت .

٧.پێویستە خاوەن نووسینگە سەرپەرشتیاری جیۆلۆجی هەبێت کە شارەزایی لە بواری تێست کردن هەبێت و پشتگیری کۆمەڵە یان سەندیکای جیۆلۆجی هەبێت ، سەردانی شوێنی بیرەکە بکات بە مەبەستی تێستی بیرەکە پاشان ئامادە کردنی فۆرمی تێستی بیرەکە .

٨.پێویستە نووسینگە کە هەموو ئەو مەرجە تەکنیکییانەی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکانەوە دەردەچێت سەبارەت بە تێستی بیر جێبەجێی بکات .

٩.پێویستە نووسینگە دوای یەك مانگ لە تێست کردنی بیرەکە فۆرمی تێست پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکە بکات .

١٠. بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان سەرپشکە هەر کاتێك بیەوێت کەشف وپشکنینی ئامێرەکانی تێستی نووسینگە بکات بۆ دڵنیابوون لە توانا و کاری ئامێرەکان .

**نۆیەم :** کرێی رەسم بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری :

أ. کەشف و مۆڵەتی بیر بۆ دام و دەزگاکانی حکومەت و بیری گشتی بەم جۆرەیە :

١.بڕی (١٥,٠٠٠) دینار بۆ کەشفی شوێنی بیر .

٢. بڕی (٥٠,٠٠٠) دینار بۆ ڕەسمی مۆڵەتی بیر .

ب. کەشف و مۆڵەتی بیر بۆ کەرتی تایبەت .

١. بڕی (١٥,٠٠٠) دینار بۆ کەشفی شوێنی بیر.

٢. بڕی (١٠٠,٠٠٠) دینار بۆ ڕەسمی مۆڵەتی بیر .

ت. کەشفی ئامێری بیر هەڵکەندن و کۆمپرێسەر و ترومپا .

١.بڕی (١٥,٠٠٠) دینار بۆ کەشفی ئامێر .

٢.بڕی (١٠٠,٠٠٠) دینار بۆ بەخشینی مۆڵەت بە مۆڵەتی بیرلێدەر .

**دەیەم :** سزاکان :

١. هەڵکەندنی بیری بێ مۆڵەت بە ئامێری نووسینگەی مۆڵەت پێدراو بۆ یەکەم جار بە بڕی (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی سزادەدرێت بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی وئابوری لەگەڵ ڕاگرتنی کاری نووسینگە بۆ ماوەی یەك مانگ .
٢. لە کاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی بە بڕی (٧٥٠,٠٠٠) حەوت سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی سزا دەدرێت بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ ڕاگرتنی کاری نووسینگە بۆ ماوەی شەش مانگ .
٣. لە جاری سێیەمدا مۆڵەتی نووسینگەکەی هەڵدەوەشێتەوە .
٤. بە سەرپێچی کردنی نووسینگە لە خاڵی (١٠) ی بڕگە (حەوتەم) ی ئەم ڕێنماییە ، بۆ ماوەی سێ مانگ ئامێرەکەی ڕادەگیرێت .
٥. بە سەرپێچی کردنی نووسینگە لە خاڵی (٩,٨,٧) ی هەر سێ بەشەکانی بڕگە (هەشتەم) ی ئەم ڕێنماییە بە سێ مانگ ڕاگرتنی ئامێر بۆ یەکەم جار سزا دەدرێت . لە کاتی دووبارە کردنەوەیدا بۆ ماوەی شەش مانگ ئامێرەکەی ڕادەگیرێت . ئەگەر بۆ جاری سێیەم سەرپێچیی کرد ئەوا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێنرێتەوە .
٦. لە کاتی درەنگ نوێ کردنەوەی مۆڵەتی نووسینگە بۆ هەر مانگێك ئامێرەکەی بۆ ماوەی سێ مانگ ڕادەگیرێت.
٧. مۆڵەت بە بیرێك نادرێت کە پێشتر لەلایەن کەرتی تایبەتەوە هەڵکەندراوە و ڕەزامەندی لایەنانی پەیوەندیداری وەرنەگرتووە بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان .

**یازدەم :**

بۆ هەر سزایەك لە سزاکانی بڕگە (دەیەم) ڕاپۆرتێکی تایبەت بە سەرپێچییەکە لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکانەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئاوی ژێر زەوی بۆ ڕاستاندن و ڕازی بوون لەسەر سزا دانەکە .

**داونزدەم :**

هەڵکەندنی بیری ئاو بە پایل قەدەغە دەکرێت و لەکاتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەبێتە موڵکی حکومەتی هەرێم .

**سێزدەم :**

کار بە حوکمەکانی هیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە دژ بە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت .

**چواردەم :**

ئەم ڕێنماییە لە پاش ڕاستاندنی لە لایەن وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان کاری پێدەکرێت .

**جميل سليمان حيدر**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بـرلمــان كوردستان – العراق**
**رقم : ١٦٢٨ في ٢٠١٠/٩/٢٣**

## بـيان

استناداً لحكم المادة الثامنة من (القانون النشر في الجريدة الرسمية – وقائع كوردستان ) رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ . ولوقوع خطأ في ترجمة المادة (٤٤) من النسخة الكوردية لقانون وزارة التعليم العالي والبحث العلمي رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٨ المنشور في العدد (٩٠) من جريدة وقائع كوردستان
إذ أن النص الصحيح للمادة المذكور في النسخة العربية كالآتي :

(أولاً : يحتفظ أعضاء الهيئة التدريسية بمراتبهم العلمية وسائر الحقوق في هذا القانون والقوانين الأخرى والأنظمة والتعليمات الصادرة بموجبها في حالة تنسيبهم أو تفرغهم في وظائف خارج الجامعات والهيئات وتعيينهم أو نقلهم الى وظائف في مركز الوزارة أو مراكز الجامعات والهيئات ، وتعتبر مدة قيامهم بهذه الوظائف خدمة جامعية فعلية لأغراض الترقية والعلاوة والترفيع والتقاعد ) .

في حين أن جملة (في مركز الوزارة ) الواردة في السطر الرابع من المادة جاءت ترجمتها خطأ ( دەرەوەی سەنتەری وەزارەت )
وبما أن النص المعول عليه والملزم قانوناً هو ماجاء في النسخة العربية بأعتباره النص الأصلي المصوت عليه من قبل البرلمان وان النسخة الكوردية هي ترجمة للنص الأصلي الذي يفترض أن تتطابق معه .
ولأخذ ذلك بنظر الاعتبار واعتماد المادة (٤٤) من القانون المذكور وفق النص الوارد في النسخة العربية اقتضى التنوية وإصدار ه ذا البيان .

**فرست أحمد عبدالله**